# تیوری گێشتاڵت لە بنەماکانی بنیاد و شیکردنەوەی موزیکدا

**ID No. 290**

(PP 86 - 96)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.3.7

**سرود فؤاد محمد**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین -هەولێر
Surwd.mohammed@su.edu.krd

**ناصر هاشم بدن**
کۆلێژی هونەرە جوانەکان، بەشی موزیک، زانکۆی بەسرا
Nasserbadan60@G.mail.com

**دلاوەر مصطفى محمد**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین -هەولێر
dlawer.muhammad@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/06/26**
**پەسندکردن : 2022/10/25**
**بڵاوکردنەوە : 2023/07/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی تیۆری گێشتاڵتی موزیکەوە ئەنجام دراوە و فۆرم و بنیادنانی لە موزیکی هاوچەرخدا لەخۆگرتووە. فۆرمە موزیکییەکان لە هەوڵی بەردەوامی ئەزموونەکان و پراکتیزەکردنی ژانرە جیاوازەکانی موزیکەوە هاتوون و بوونەتە میتۆدێکی هونەری کە دانەری موزیک تیایدا بیرۆکە میلۆدییەکانی و کۆنتراست و هارمۆنی وەدەستهاتوو لە نێو فۆرمی موزیکیدا دەنێت، کە بێگومان ئەو بابەتانە بنەما و ڕێسای تایبەتیان هەیە کە ئەرکی دانەر دیاری دەکات بۆ ئەو فۆرم و پێکهاتە موزیکییانە و دواتریش پابەند بە خستنەکاریی موزیکی دەبێت. بە گشتی پرۆسەی بنیادنان لە هەر فۆرمێکی ئەدەبی و هونەریی، گوزارشتێکی شارستانی و هونەرییە لە ئەزموونە بەردەوامەکانی خستنەکاری هونەری و فکرییدا. جیاوازی نێوان بنیادسازیی موزیکی لەگەڵ هونەرێکی تر، لە گونجان و هاوسەنگی نێوان ئەو بابەتگەیە کە هونەرمەند بەکاری دەهێنێت دەردەکەوێت. بۆیە ئەو میلۆدییانە بە تەواوی هاوتای تیۆرییە موزیکییەکانن، ئەمەش وادەکات جۆرە ئازادییەک بە دانەر ببەخشێت، کە بە شێوەیەک لە فۆرمە موزیکییە نەریتییەکاندا دەستکراوە بێ و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کاری موزیکی تیایدا ئەنجام بدات.

**کلیلی ووشەکان:** گێشتاڵت، شێوە، بنیاد، شێکردنەوەی موزیک.

## ١- پێشەکی:

خستنەکاری فۆرمی موزیکی تەواو جێی پەنجەی خۆی بەسەر تێکستی موزیکیدا جێدەهێڵێ، لێرەدا تیۆری گێشتاڵت چارەسەرێکی دەروونیی پێویست بەپێی بنەماکانی هەڵسوکەوتی دەروونی بۆ دەدۆزێتەوە. لەبەر ئەوە بەرجەستە بوونی تێگەیشتنی بەرایی لە گێشتاڵتدا لەم قۆناغەدا زۆر گرینگ و پێویستە. گێشتاڵت بە شێوەی بەش بەش بنیادە موزیکییەکان لەیەکتر جیا دەکاتەوە، بۆئەوەی گێشتاڵتی موزیکیی بۆ دەروونناسی ڕوون ببێتەوە. کەواتە لەم حاڵەتەدا کۆی پارچە موزیکەکان بەیەکەوە لە بەشە پچڕ پچڕەکان گرنگتر دەبن. بەڕای دەروونناسە موزیکییەکانی وەک Carl Stumpf (1848-1936)و Géza Révész (878-1955) و Carl Seashore (1866-1949) گێشتاڵتە کلتوورییەکان بریتیین لە شیکاری چوارچێوەی بابەتەکان کە وەک یەکەیەکی هونەریی سەربەخۆ شرۆڤە دەکرێن (Karma, 1986: 26).

موزیک لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا بە چەندین ڕەوتی هونەری جۆراوجۆر تێپەڕ ببوو، لەوانە ڕەوتی موزیکی نەتەوەیی وەک شێوازێکی نەتەوەیی گوزارشت لە سیمبوڵی نەتەوەیی دەکات و جەخت لەسەر کەلە پووری کۆمەڵگا دەکاتەوە. موزیک و شیعر و سەما و چیرۆکی میللی لەشانۆ و ئۆپێرا و بالێ و بەشەکانی تری موزیک گەشەی زیاتریان بەخۆوە بینی. لە ڕەوتی موزیکی نەتەوەییدا، بۆ نمونە پێنج هونەرمەندە گەورەکەی وڵاتی ڕوسیان وەکو میلی بیلاکریڤ، سیزار کوی، مۆدست مۆسۆڕسکی، نیکۆلای ریمسکی کۆڕساکۆڤ، ئەلیکسەندەر بۆرۆدین. کە نوێنەرایەتی موزیکی سەردەمی ڕۆمانتیکیان لە ڕوسیا دەکرد. دواتر ئەم ڕەوتە نەتەوەییە فراوانتر بوو بۆیە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستیشی گرتەوە. ئەم ڕەوتەش دابەش بوو بەسەر دوو ئاراستەدا: ڕەوتی نەتەوەیی بەئاگا لە مامەڵەکردنی دانەر بە سوود وەرگرتن لە کەلەپوور و بە شێوەیەک کە ئامانجی خستنەکاریی موزیکێکی تایبەتیی نەتەوەیی بووە، ئاراستەی دووەمی ئەم ڕەوتەش پەیوەست نەبوونی بە ناسیونالیزمەوە کە میراتی نەتەوە وەک هێما و نوێخوازی پیشان دەدات.

کلتور و شیعر و موزیکی ئەوروپی کە لەگەڵ موزیکی نێودەوڵەتی خۆیدا پەیوەست بووە، وەک موزیکێکی سیستماتیک بە یاسا و زانستەکانی خۆیەوە دامەزراوە و لە ماوەی چەند سەدەیەکدا فراوانتر بووە. ژێرخانی موزیک پشتی بە بنیادنانی هەردوو چەمکی هونەریی ستوونی و ئاسۆیی دەنگ بەستووە، کە مامەڵە لەگەڵ کۆکردنەوەی ئامێری موزیک و خستنەکاری میلۆدی لە بچووکترین بیرۆکەی ئاواز motif و هەروەها دەستەواژە و ڕستە و بەشە موزیکییەکان تێکڕایان بە یاسایەکی دیاریکراو بە بابەتەکان پەیوەستن. ئەزموونی موزیکی نیشتیمانی و دامەزراندنی کەلەپووری میللەتان لەموزیکدا یەکێک بوو لەو ڕەوتەی کە موزیکی جیهانی پێیدا تێپەڕیووە، وەک ئاراستەیەکی نیشتمانی گوزارشت لەشارستانیەت و کەلەپووری خەڵک دەکات.

گێشتاڵت گوزارشتی قووڵی لەناوەڕۆکەکەی لەڕووی پێکهاتە یان مامەڵەکردن لەگەڵ فۆرم و دابەشکردنی موزیکدا دەکرد، بۆیە کێشەی بابەتەکە بریتییە لەوەی کە ئاوازدانەرە نەریتییەکان لە نێو موزیکی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئەو وڵاتانەی کە چارەگە دەنگی موزیکی دەکەنە بنەمای ناساندن و ناسینەوەی مۆڕکی موزیکی نەتەوەیی و هاوچەرخی خۆیان ناتوانن بەپێی توانا مامەڵە لەگەڵ هەستە سنووردارەکانیان بکەن. کەواتە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا میراتی موزیکی لەگەڵ زمانی موزیکدانان composition لەناخی میللەتانی رۆژهەڵاتییدا کە خۆی لە (سێ چارەگە دەنگ)ی ڕۆژهەڵتییدا دەبینێتەوە ناتەبایە لەگەڵ سۆز و چێژی بەردەوامی ئەو موزیکە کە بە درێژایی ژیانی نەوەکان لەگەڵیاندایە؟ لە لایەکی ترەوە بە ئاراستەی بەستنەوەی پرسی چارەگە دەنگ بە ئامێرەکانی تری موزیکدا دەپرسین ئایا ناکرێت گونجانێکی هونەری تر سەرهەڵبدا و ئاوێتەی ئەو میلۆدیانەو تەنانەت ئەو یەکە و پێکهاتە و وردەکاریانەی نێو بەرهەمە هونەرییەکە بێت؟ لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی ئەم بەرهەمە هونەرییە بخەینە ڕوو کە خۆی لە پڕۆسەی بە هارمۆنیکردنی ئەم بەرهەمەدا دەبینێتەوە بریتی دەبێ لە پرۆسەی خستنەکاریی گۆرانی لەسەر کارامەیی ئاوازدانەر کە لە پرۆسەی کارکردنیدا لەگەڵ ئۆرکێسترادا دەوەستێت. وەک ناوەڕۆکێکی تەواو یان وەک بابەتێکی سەربەخۆ، هەوڵ دەدات بە خستنەکاری سەرەکی یان لاوەکی یاخود تێمای Them گۆڕانکاری بە پێی هزر و خەیاڵی دانەری موزیکیی کە دەریدەبڕێ و ڕۆڵی بۆ دیاری دەکات. بۆیە دواتر پرۆسەی خستنەکاریی بابەتێکی میلۆدی ئامادە و بیستراو دەبینین. موزیکدانەر دەبێت بە زمانی داهێنەرانە و بەپێی چەمک و ئامێرەکانی ئۆرکێسترا مامەڵە لەگەڵ بابەتی ئاماژە پێکراو بکات. لێرەدا توێژەر بۆ گەیشتن بە ناوەڕۆکی کێشەی توێژینەوەکە دەپرسێت: ئایا چۆن دەتواندرێ ئاوازە کەلەپوورییەکان لە فۆلکلۆر و میلۆدییە میللییەکان بە شێوەیەک بەکار بهێنین کە لەگەڵ کاری ئۆرکێسترادا بسازێن و هاوتابن، بەبێ ئەوەی کار لە شێوە و بونیادی ئاوازە ڕەسەنەکە بکات؟

جا گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە چۆن ئەم تیۆرە بە موزیکەوە ببەستینەوە و لێکدانەوەی بۆ بکەین، بۆ ئەوەی خزمەتێک بە موزیکی کوردی و موزیکی ئۆرکێسترایی بکەین. لێرەدا پرۆسەی داڕشتنی موزیکیی باو یان ئەو موزیکەی کە لە پێکهاتەکەیدا هەڵگری مانایەکی ئاسان نییە و لە تێگەیشتنیشدا پڕۆسەیەکی ئاوا گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ لێرەدا گەیشتنە بە گەیاندنی چێژ بە بیسەران و لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکەیدا پشت بە ئارەزووی تاکەکان ببەستێت. لە کاری موزیکیدا دیارە، کە هونەرمەندی پێشەنگ و نەوەی نوێ لە موزیکی سیمفۆنی و ئۆرکێسترالیدا لەسەر چەندین بنەما و تایبەتمەندی خستنەکارییدا هاوڕان لە خستنەکاری پێکهاتە موزیکییەکانیدا و کاری جدی بۆ دەکەن، لە نێوان ئەم بابەتانە کە ئەم پێکهاتانە لەخۆ دەگرن ڕیتم، خێرایی، درێژی و کورتی ترپە دەنگیەکان، جۆری شێوەکانی ریتم بۆ دەنگ و شێوازەکانی دینامیک لە لوتکەوە هەروەها دەنگەکان لە نزمییەوە بۆ بەهێزی ئەمانە تێکڕا جۆری میلۆدی لە مۆتێف و ڕستە و بڕگە و نەخشیی میلۆدی و فرە دەنگی بەشێوەی ستون کە ئاوازی سەرەکی و لاوەکییەکان لەخۆ دەگرێ.

هەروەها لە هارمۆنی و بواری پۆلیفۆنیشدا بابەتی دابەشکردنی ئاسۆیی و کۆنتراپۆینتی ئاسۆیی و چنینە جۆراوجۆرەکان ڕۆڵی کارایان هەیە لە دەرخستنی ئەو میلۆدییانە. بۆیە کاراکتەری ڕەنگیی دەنگ و ئاکۆستیکی ئامێرەکانی ئۆرکێسترا و کۆنتڕاست و تێکەڵکردنی ئەم ڕەهەندانە هەمووی لە میانی ئەم توێژینەوەیە بە دیدی تیۆری گێشتاڵتەوە هەموو ئەو ڕەهەندانەن کە توێژەر دەیەوێت بیانخاتە ڕوو، بۆیە لە ڕێگەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستەڕوێکی ئاشکرای ڕۆڵی تیوری گێشتاڵت خراوەتەڕوو کە خۆی لە پرەنسیپی بنیاد و شیکردنەوەی موزیکیی و ئاوێتەکردنی لەگەڵ ڕەهەندە هونەرییەکانی تر دەبینێتەوە و بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە و هەروەها باسی لێوە کراوە.

**٢- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:**

**٢-١ بنەماکانی تیۆری گێشتاڵت:**

بنەماکانی تیۆری گێشتاڵت[١]، یاخود یاساکانی گێستاڵت، یاساکانی ڕێکخستنی بابەتی هەستپێکراون لە لایەن مرۆڤەوە. کاتێک سەیری جیهان دەکەین، زۆرجار دیمەنە ئاوێتەکراوەکان لە کۆمەڵێک بابەت پێکهاتوون، ئەو بابەتانەش لەگەڵ هەندێک

پاشبنەما و باگڕاوەند ئاوێتەی یەکترن و لەنێو یەکەیەکی پێکهاتەییدا دەبینین، کە لەوانەیە لە بەشەکانی گەورە بۆ بچووکتر پێکبێت. هەروەها ئەم پرەنسیپە بە شێوەی فرەیی گێشتاڵتیش (the plural form of Gestalt) ناو دەبرێت. بۆیە لێرەدا چۆن دەتوانین دەستکەوتێکی ئاوا بەرچاو بەدەست بهێنین؟ بە تایبەت لە واتایەکدا؛ ئایا پێکهاتە بینراوەکان تەنها دابەشکردنێکی ڕووماڵی ڕەنگاوڕەنگی جۆراوجۆرە؟ سەرەتا وەڵامەکان لەلایەن کۆمەڵێک توێژەرەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێشکەشکران، کە بە دەروونناسانی گێشتاڵت ناسراو بوون وەک ڤێرتهایمەر و ئێرینفێڵس. ئەم بنەمایانە بە شێوەیەکی سەرەکی کار لەسەر بینین دەکەن، هەروەها لایەنی لێکچوو هەیە لە تێگەیشتنی بیستن و هەستی جەستەییدا، لە ڕوانگەی دیمەنێکی بینراودا. ئەم جۆرە فۆرمانە پێکهاتەی بواری بینراون کە بەشەکانیان بە کۆمەڵ یان پێکەوە بەستراون و بەم شێوەیە لە بەشەکانی تری بواری بینراو جیا دەکرێنەوە. بنەماکانی گێشتاڵت لە توێژینەوەیەی سێمیناڵدا لە لایەن ڤێرتهایمەر (1923/ 1938) پێشکەش کرا و دواتر لە ساڵی 2007 لەلایەن تۆدۆرۆڤیچ پەرەی پێدرا و ئەمەشیان بە مەبەستی پێشکەشکردنی کتێبێکی دەقی هاوچەرخ بوو. گێشتاڵت قوتابخانەیەکی سایکۆلۆجی دەروونناسییە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە نەمسا و ئەڵمانیا وەک بیردۆزێکی پراکتیزەیی تژی لە تێگەیشتن دەرکەوت، کە ڕەتکردنەوەی پرەنسیپە بنچینەییەکانی ویلهلم واند Wilhelm Wundt [٢]و ئێدوارد تیتچنەر Edward Titchener[٣] لە ئەستۆ گرتبوو (Todorovic, 2008: 3).

**٢-٢ گێشتاڵتی موزیکیی: -**

پرەنسیپ یان تیۆری پراکتیزەیی گێشتاڵت لە موزیکدا لە ئان و ساتی شیکردنەوەی توخم و ناوەڕۆکی و پێکهاتەی موزیکیی نوێدا پێناسە کراوە، لەگەڵ ئەوەی لە بەشێک لەو بەشە لاوەکییانەی ئاوازەوە ئاوێتەن و ناکرێ بەجیا شیکردنەوەی بەراییان بۆ بکرێ کە لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکردن (Bod, 2001; 41). مێژووی دەروونناسی وەک نەریتیی خۆی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە تیۆری گێشتاڵت بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکەی Max Wertheimer [٤] دەستی پێکردووە و کە وەک دامەزرێنەری تیۆری گێشتاڵت کە لە ساڵی 1912 لەسەر دیاردەیەک کە بە دیاردەی فای phi [٥] ناودەبرێت ئەنجام دراوە. ئەم بابەتە زیندووە باس لە جووڵەی بینراوی ڕووناهیە ناجێگیرەکان لە واقیعدا دەکات. بەڵام تێڕوانینە گشتییەکانی پێشووتر بۆ ئەم بابەتە بەشێک بوون لەو پرۆسە پەروەردەییەی کە ڤێرتهایمەر لەو توێژینەوەیەی کە لەگەڵ کریستیان ڤۆن ئێهرێنفێلس Christian von Ehrenfels و کارڵ ستومپف Carl Stumpf ئەنجامیان دابوو(Wertheimer, 2014: 1). بۆیە بوونی ڕەهەندی تازە لە پرەنسیپە گشتیەکانی گێشتاڵت لای توێژەران کە بە (لەیەک نزیک بوون و لێکچوون و ڕێکخستنەوە) ناسراوبوون، لە لایان پەسەندکراوبوو. لێرەدا دەتواندرێت سامپڵەکان بە شێوازی موزیکییتر بناسرێنەوە، وەک خستنەکاری پێوان و هارمۆنی، و شیکردنەوەی موزیک کە بە ئەزموونی تایبەتی دانەرەوە کاربکات، نەک ئەو ڕێسا موزیکیانەی کە پێشتر باو بوون (Bod, 2001:22).

یەکەم لێکۆڵینەوە لە لایەن ڤێرتهایمەر، بە ئاراستەیەکی ڕوون و سوود وەرگرتن لە تیۆری گێشتاڵتەوە ئەنجام درا ئەمەشیان لەسەر بنەمای کارکردن لە ئەرشیفی تۆمارکردنی دەنگی Stumpf لە بەرلین، کە لە ساڵی 1910دا بڵاوکرایەوە (Wertheimer, 1910: 2). ئەم بابەتە تیشک دەخاتە سەر پەرەسەندنی ئەو ورووژێنەرە جەستەییە تایبەتمەندیانەی کە پێکهاتەی سامپڵەکان لە موزیکی بەرایی ڤێدا Veda [٦] هەڵیان گرتووە. دواتر ئەم بابەتە بە وتارێکی درێژی ڤێرتهایمەر لە ساڵی 1912 بڵاوکرایەوە، کە تیایدا دیاردەی Phi دەیان نموونەی پرۆسەی فکریی بنەرەتی بەرجەستە کردبوو ئەمەشیان وەک بەکارهێنانی ڕۆژانەی چەمکەکانی ژمارەیی لەلایەن هۆزە سەرەتاییەکانەوە، یەکەم ئاماژەی ڕاشکاوانە بوو بۆ تیۆری گێشاڵت- ڤێرتهایمەر بڵاو کرایەوە (Wertheimer, 2014: 1).

بە ڕای ڤێرتهایمەر گەوهەری تیۆرەکەی گێشتاڵت کە 'هەموو' (الكل) لە کۆی بەشەکانی تر زیاتر بێت وەک ڤۆن ئێهرێنفێڵس لە ساڵی 1890 پێشنیاری کردبوو هەروەها 'هەموو' زۆرەکان جیاوازن لەوەی کە تەنیا کۆی بەشەکان بێت، واتە 'هەموو' پێشڕەوی کۆی بەشەکانن. سروشتی 'هەموو' دەستنیشانی چییەتی (الماهية) بەشەکانی دەکات، و شوێن و ڕۆڵ و وەزیفەی هەر پارچەیەک لە ناو ئەم 'هەموو'دا دیاری دەکات. بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە سایکۆلۆجیەتی گێشتاڵت لە کوێوە هاتووە؟ بنەما و بنچینەکانی چین؟ لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین کە زۆربەی مێژوونووسەکانی دەروونناسی دان بەوە دادەنێن و ڕادەگەیەنن کە کۆی پرۆسەکە لە ئیدراکەوە هاتووە، چونکە تیۆریزانەکان دەروونناسیی هەستەوەری و مەعریفییان بە بەستەڵەکی ئەو ڕێباز و ڕەوتە ڕکابەرە دەزانی کە لەو کاتەدا لە دەروونناسیدا زاڵ بوو. دیراسەی ماکس ڤێرتهایمەر لە ساڵی ١٩١٢ لەسەر دیاردەی Phi بە فراوانی وەک ئەو بەڵگەنامەیە دەبینرێ کە قوتابخانەی گێشتاڵتی پێ دامەزراندووە. لێکۆڵینەوەکە باس لە جووڵە و ئیدراک لە ژێر هەژموونی وروژاندنی جەستەیی دەکات و بۆیە وەک دوو ڕەهەندی مەعریفی جێگیر دەناسرێن (Wertheimer, 2014:1).

بۆ تێگەیشتنی پتر لەو بابەتە دەبێ بپرسین کە چۆن و چ کاتێک ڕێبازی گێشتاڵت لە بیری ماکس ڤێرتهایمەردا دەرکەوت؟ لێرەدا هەر پارچەیەک وەک بەشێک لە 'هەمووʼدا پێناسە کراوە، هەر بۆیە ئەم تۆتالیتاریزمە (النزعة الشمولية) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیراسەیەی کە Wertheimer لە زانکۆی پراگ لەگەڵ (کریستیان ڤۆن ئێهرێنفێلس) کە لە ساڵی 1890 وەک توێژینەوەیەک لەسەر خاسیەتەکانی گێشتاڵت ئەنجامی دابوو: کە تیایدا خاسیەتی هەموو ئەو شتانەی کە هەن و کۆی توخمەکان (بەشەکان) وەکو گشت یان 'هەموو' لەخۆ گرتبوو. ئێرینفێڵس Ehrenfels هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد، کە 'هەموو' زیاترن لە کۆی بەشەکانیان.

دوای ئەو هەموو ئەزموونەی ڤێرتهایمەر لە زانکۆی بەرلیندا، بە پراکتیزەیی لەگەڵ تیرۆانینەکانی کارل ستۆمپف، کە ڕێبازی دیاردەناسییەکەی جەختی لەسەر سەرجەم تایبەتمەندییەکانی دیاردە هزرییەکان دەکردەوە، بیروڕایان تاوتوێ کرد و سەرنجە هزریی و هونەرییەکانیان گۆڕییەوە؛ لەوانە پێکهاتەکانی موزیک و شرۆڤەکردنیان خستە بەر ڕۆشنایی شیکردنەوە. دواتر ڤێرتهایمەر پەیوەندی بە ئیریک ڤۆن هۆرنبۆستێل Erich von Hornbostel کرد بە ئامانجی کارکردن لە ئەرشیفی Stumpf بۆ تۆمارە دەنگییەکان، کە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی نموونە موزیکیی بوو لە سەرتاسەری جیهاندا. لە ڕاستیدا ئێستا Erich von Hornbostel بە ڕابەری زانستی موزیکی گەلان Ethnomusicology ناسراوە، هەروەها ئەو ڕۆلە سەرەکییەی کە موزیک لە نێو کلتووره جیاجیاکاندا لە سەرتاسەری جیهاندا دەیبینێ. کارکردنی ڤێرتهایمەر لە ئەرشیفی تۆمارە دەنگییەکان لە سەدەی بیستەمدا بووە هۆکاری بڵاوکردنەوەی بیرۆکە هونەرییەکانی کە ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ هزری هونەری موزیک لە نێو بۆتەی گێشتاڵتدا. ڤێرتهایمەر دوور لەوەی کە موزیکێکی بەرایی یان دواکەوتوو هەژمار بکات، وەک ئەوەی کە لەلایەن پزیشکانی دەروونییەوە وا وەسف کراوە، ڤێرتهایمەر سەرسامی خۆی بە تایبەتمەندی و پێکهاتە موزیکییەکان کە ڕەگیان لە نێو موزیکدا داکوتاوە دەردەبڕێ. ڤێرتهایمەر وەسفی ئەو شێوازە دەکات کە بەشەکان و پێداویستیی ئاوازەکە دەیخوازێ، هەروەها گرتنەبەری ئەو ڕێگایانەی کە وا لە میلۆدییەکان دەکات ببنە هەیکەلێکی دیاری ئەو بابەتە، وەک ڕێگەی (شیکردنەوەی دەروونی بۆ گێشتاڵتی موزیکیی GPMA) کە ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ تیورەکانی گێشتاڵت وەک شیکردنەوەی تراکی موزیکی (شاکوها تشی Kokuu) ژاپۆنی وەک شیکردنەوەی بارودۆخ (كتحليل حالة) کاری لەسەر کرد (Wertheimer, 2014:2).

ڕوانگەی گێشتاڵتیی وەک بابەتێکی قبووڵکراو لە وتاری ساڵی ١٩١٢ی ماکس ڤێرتهایمەردا ڕەنگدانەوەی هەبوو، کە تایبەت بوو بە جۆری بیرکردنەوەی چەندایەتی هۆزە سەرەتاییەکان. ئەم لێکۆڵینەوەیە 67 لاپەڕەیە و تیشک دەخاتە سەر بەکارهێنانی ژمارە و هەیکەلی ژمارەکان "Zahlgebilde" (٧) لە بیرکردنەوەی دانیشتوانی 'هۆزە سەرەتاییەکان' کە لە زۆر شوێنی جیهان نیشتەجێن. ڤێرتهایمەر سەرسام بوو بەو نموونە و سوودانەی ڕێگاکانی تێفکرینی ژمارەیی ئەوان لە بەکارهێنانی جوڵەی هەڕەمەکی، ئەو چەمکە ئاساییانەی ژمارە و چەندایەتییەکانی لەخۆ گرتبوو. (Wertheimer, 2014: 1).

**٣-٢ گێشتاڵت لە بنیادی موزیکدا:**

لە لێکۆڵینەوەکانی بواری موزیکی فیلمدا، دەروونناسیی مەعریفیی هێشتا بەهێزترین ڕێگایە وەک جێگرەوەیەک بۆ دوای بنیادگەریی و دیراسەتەکانی کلتووری. دەروونناسی گێشتاڵت لەم دواییانەدا بۆتە جێگەی سەرنج و گرنگیدانی بەردەوام (Donnelly,2014). گێشتاڵت نەک تەنها دەتوانێت چەمکە سوود بەخشەکان پێشکەش بکات بۆ تێگەیشتنی چۆنیەتی یەکخستنی موزیک لە هەموو بوارەکانی بینین و بیستندا، بەڵکو لەنێو بابەتی بەرهەم هێنراوی شیکاریی فیلمەکانیشدا هەن. گێشتاڵت گرنگی بە سروشتی تەواوی ئەزموونەکانمان دەدات و گرنگییەکی ڕادەبەدەریش دەداتە پرۆسەی ئیدراکی هەستەوە، وەک Donnelly ئاماژەی پێکردووە. کاتێک هەردوو بابەتی دەنگ و بینراوەکان لەنێو پرۆسەی بیستن و بینیندا ئاوێتە دەبن، ئەوا پەیوەندیەکی پتەوی بەو پێشکەوتنە مەعریفییەوە هەیە کە لە ئەرزی واقیعدا هەیە، ئەمەش بەو ئاراستە پتەوەی لە نێو هزرماندا ڕەنگی داوەتەوە کە بەرەو کامڵبوون و سەقامگیریی، بە بەکارهێنانی چەمکەکانی گێشتاڵتەکە دەیخوازێ دەمانبات (Donnelly, 2014; 22-24). لێرەدا پێشنیاری میتۆدێکی شیکردنەوە کە پابەند دەبێ بە هەردوو چەمکی (لێکچوون و جیاواز) نێوان پێکهاتەی گێشتاڵتی موزیکیی و پێکهاتەی پێکهاتە سینەماییەکانی تر، وەک (سینەماتۆگرافی، سیناریۆ، نواندن، ڕووناکی، تابلۆی ڕەنگڕێژیی). لێرەدا گەیشتن بە ئەزموونێکی سەقامگیر بە بنەمای هەردوو شیکردنەوەی پێکهاتەیی و لێکدانەوەی ڕەخنەیی دەگەیەنێ کاتێک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەبێتە هۆکاری دووبارە دروستبوونەوە و تێکەڵبوونی پێکهاتەکانی فیلم بە هاوبەشی بۆ بەرهەمێکی فراوانتر کە گێشتاڵت دەگرێتەوە: پێکهاتەی گشتی ئەزموونی دەنگ ئەم ڕێبازەی گێشتاڵت لەسەر بنەمای یەکخستنی فاکتەرە دەنگی و بینراوەکان لە هەر یەک لە 'جیاواز لە کۆی بەشەکانیدا' بەرجەستەکراوە (Koffka, 1935:176). هەروەها سوود بە بوارەکانی درێژخایەنی دیمەنەکانی

بینراو و کاریگەرییان لەسەر بابەتی فیلمەکە جێ دەهێڵێ (Kalinak, 1992: 20-39). ئەمە دەبێتە هۆکاری بیرکردنەوە لە موزیکێک کە دەتوانێت وەک بابەتێکی تەواوکاریی دیمەن و بوارەکانی سینەمادا ببیندرێت (Sarah, 2017: 14).

**٤-٢ شیکردنەوەی موزیک لە ڕوانگەی گێشتاڵتەوە:**

لە یەکێ لە ئەزموونەکانی گەڕان بەدوای ڕێگە چارە لەسەر بنەمای میمۆری موزیکیدا، بریتییە لە ڕەوشی نوێی موزیکی پارچەکانی ئەو بابەتە کۆدەکرێنەوە و دواتریش شیدەکرێنەوە، کە پێشتر نمایش کراون. ئەم ڕێبازەی شیکردنەوە دەکرێت بە وردترین شێواز دیاری بکرێت کە لەسەر بنەمای دوپاتکردنەوەی بەشەکاندا دامەزراوە. هەووەها ئەم شێوازە یەکەم ئەزموونی شیکاری بوو کە گرووپی ئیسن فۆلکسۆنگ Essen Folksong دایانهێنا ودواتر وەک بنەمای ژمارەیی نموونەکان لە شیکردنەوەی موزیکدا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم شیکردنەوە چەندایەتیيە ئەنجامەکانی بەشێوەیەک دەریخست کە؛ پۆلێنێک لە قاڵبی موزیکیدا هەیە، پێی دەگوترێت 'دەستەواژەی بازدانی دەنگی'، کە بە ڕووبەڕوو بوونەوە و بەرەنگاری بنەماکانی گێشتاڵتی تایبەت بە 'لێکنزیکبوون و لێکچوون و هاوتەریببون'ی مێلۆدی دەبنەوە. دەستەواژە بازدانەکان بەڵگەیەک پێشکەش دەکەن کە کۆمەڵەکە دەتوانێت مەودای درێژ لە بەرزی دەنگ نیشان بدات. بۆیە ئەوە سەلمێندراوە کە نموونەکان یاخود سامپڵەکان لەسەر بنەمای هارمۆنی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بەشانەدا ناتەواون. چونکە نموونەکانی سەر میمۆری پتر حەز دەکەن مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردە پێشکەوتوانە بۆ شیکردنەوەی موزیک بکەن، هەروەها دەتوانن زنجیرەی تەواوی نێوان دەستەواژەکان و بازدانی مێلۆدیەکان پێوانە بکەن ( Bod, 2001:44).

وەک نموونەیەک لەسەر ئەم بابەتە؛ لە هزرتدا وێنای ئەو حاڵەتە بکە کە دابەشکردنێکی یەک لەدوای یەکی زنجیرەیەک کە لە هەشت ئەڵقەدا پێکهاتووە، ئەگەر تۆ بۆ نیوە دابەشی بکەیت، هەر یەک لە دوو زنجیرکان لە چوار ئەڵقە پێکدێت. ئە گەر ئەوانیش دابەش بکەیت، هەر یەكێك لە چوار بەشی دوو ئەڵقەیی پێکدێت. هێشتا هەر زنجیرەیە بوونی هەیە؟ چۆنە دووبارە ئەو زنجیرەیەش دابەش بکەین؟ لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە شتێ نەماوە بەناوی زنجیرە، بەڵکو هەشت ئەڵقەی جیاکراومان لەیەکتری هەیە و ئەگەر هەر ئەڵقەیەک بۆ نیوەی خۆی کەرت بکرێت، چیمان دەستدەکەوێت؟ بێگومان شانزە پارچەی لەسەر شێوەی بیتی C، کەواتە بیرۆکەی زنجیرییەکە دەمێکە لە واقیعدا بوونی نەماو (Wertheimer, 1914:2).


لە شیکردنەوەی GMPA [٨] دا، پێکهاتەی تەواوی گێشتاڵت بنیاد نراوە، بیرۆکەی موزیک، لە خودی پارچەکە موزیکەکەوە سەرچاوە دەگیرێت. پەیوەندیەکانی فۆڕمی A B C و فۆڕمی A B A'، هەروەها فۆڕمەکانی تر کە بەشێوەی چاوەڕواننەکراو دووبارەبوونەوەی تیا ئەنجام دەدرێت، بە ڕوونی هەنگاو بە هەنگاو دادەنرێن. مانای تەواوی گێشتاڵتی کۆکوو Kokuu's Gestalt [٩] دەتوانین وەک شیکردنەوەیەکی دەروونی و ناخی کڵپەدراوی دانەری موزیکیی وەربگرین. کاتێک پێکهاتەی شیکردنەوەی فۆڕمەکان لەجیاتی کۆی خایاندنی کاتەکە نیشان دەدات. لە ڕووی فۆڕمەوە، A لە بازنەی فۆڕمەکەدا هەیە، تێمی B لە بەشی ناوەوەی بازنە وەک کۆنتراستێکێک دەگاتە پلەی زاڵ لە بەشە موزیکییە دیاریی کراوەکە. بۆیە تێمی ئەم 'A یە هەمیشە لە بەشی نێو بازنەکە بە شێوازی بنکە دووبارە دادەنرێتەوە. تێمی B ناوەڕاستی سەرەکی بازنەکە پێکدێنێت و زۆرینەی جاران دەبێتە ئەنجامدەری هونەریی پەرەسەندنی موزیکەکە. بۆیە کاتێک هاوکێشەکە دەگاتە باری گرژیی B و هاتنە ناوەوەی چاوەڕواننەکراوی تێمی C دا، موزیکەکە دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی خودی بازنەکە، ئەمەشیان بۆ پرۆسەی جێگیربوونێتی لە تۆنیکدا. لێرەدا هاوسەنگی پێکهاتنەکە لە گۆڕانکاریەکانی گرژی و وزەی هونەریی میلۆدی و پەیوەندی بە شێوازی بۆتەکان لە گەڵ فۆڕمی بازنەیی دروست دەبێت. بەپێی ئەم بنیادنانەوە، شیکردنەوەی موزیکی دەروونیی گێشتاڵت کۆی بەشەکانی ئەو پارچە موزیکە بە یەکتر دەبەستێتەوە، کە تێیدا موزیک بەهۆی فەلسەفەی بازنەکەوە دروست دەبێت، واتە شیکردنەوەکە بە بەکارهێنانی شێوازی بازنەیی سامپڵەکە پیشاندراوە ( Utriainen, 2002: 45-56).

بۆیە لێرەدا شیکردنەوەکە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندیە دەنگی و بینراوەکانی بابەتە موزیکییەکان لەگەڵ تێبینیەکانی هونەرییان (Utriainen 2001: 46). کە بێگومان باسی ئەو بابەتە دەکات کە پێی دەڵێن خستنەکاری ئاوازی ریتمداری گۆرانی، کە دەربرینەکەی پەیڕەوی یاسای پێکهاتەیی دیاریکراو دەکات. موزیکەکە بریتییە لە "شێوازی گوشارئامێز لە ریتم و ئاوازدا". هەرچەندە ئەم بابەتە زۆر جار بەم شێوەیە دەناسرێتەوە، بەڵام ئەم ئەزموونەی سەرەوە دەکرێت بە یەکەم نموونەی بڵاوکراوەی میتۆدی گێشتاڵت بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەیەکی هونەری دیاریکراو دابنرێت. بۆیە وەک دڵنیابوونێکی موزیکیی ئالان مەریام Alan Merriam [١٠]ی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیست، لەسەر چۆنیەتی گەڕان بە دوای موزیکدا وەک دیاردەیەکی کلتوریی، هەمیشە بەدوای بیردۆزی ڕەسەنەوە بوو (Merriam, 2000: 33-36).

**٣- گفتوگۆ:**

لێرەدا ئاواز بریتیە لە کۆی ئەو دەنگانەی کە پێکی دێنن لەلایەک، لەلایەکی تریش ئەو بابەتەی کە لە خودی ئاوازەکەشدا وەک ڕستەیەکی موزیکیی دەردەکەوێ، کە وەک دوو ڕەهەندی جیاواز دەبیندرێن. بۆ نموونە شێوەی چوارگۆشە تەنها بریتیی نییە لە کۆی چوار هێڵی ڕێکی یەکسان لەگەڵ چوار گۆشەی وەستاوی ئاساییدا، بەڵکو ئەو هەشت دانەیە کە بریتین لە چوار گۆشە و چوار هێڵی ئاراستەکراو کە توخم و پێکهێنەری شێوەی چوارگۆشەن. پاشان کە ئەم پرۆسەیە بە جولاندنێکی هێڵکارییەکە بەئەندازەی 45 پلەی جیاواز لەگەڵ شێوە چوارگۆشە کۆنەکە ببینە، لێرەدا شێوە تازەکە دەبێت بە موعین (Diamond). پێکهاتە سەرەتاییەکان هەمان هێڵ و گۆشەی پێشوون، بەڵام پێکهاتەی گۆڕاوە نوێیەکە، بریتییە لە گێشتاڵتێکی جۆریی موعین ئاسا، کە بێگومان لە ڕووی شێوەوە لە چوارگۆشە ئاساییەکە جیاوازترە.

هەر لەسەر هەمان بنەما، با ئەمجارەیان پێکهاتەیەکی موزیکیی لە شێوەی ڕیتمیی بخەینە ڕوو و بەراوردێک لە نێوان دوو باڕ لە پێکهاتەی ڕیتمی سەر هەمان کێش بکەین، ئەویش کێشی 3/4 ە. سەرنجێکی وردی ئەم نۆتەیەی خوارەوە بدە:



**شێوەی ٣-١**


هەردوو باڕی یەکەم و دووەم لەڕووی پێکهاتەی ژمارەییەوە نۆتەکانیان یەکسانن، هەر یەکەیان بریتیین لە دوو کرۆش و دوو نواڕ، کە کۆی ترپەکانیان لە خایاندندا سێ ترپە پێکدەهێنن. واتە لێرەدا دوو 'هەموو' ی یەکسانمان لە ترپەدا هەیە، وەک چۆن لە نموونەی چوارگۆشەکەدا بەدی دەکرا. ئەی جیاوازییەکە چییە؟ جیاوازییەکە بریتییە لە گۆڕانی شوێنی دوو کرۆشەکە لە باڕی یەکەمدا لە ترپەی بەهێزەوە بۆ ترپەی بێهێزی دووەم لە باڕی دووەمدا گۆڕاوە. لێرەدا کێشی موزیکەکە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام پێکهاتە و شێوەی ڕیتمی ناوەوەی موزیکەکە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەرداهاتووە بۆ شێوەیەکی جیاوازتر لە پێکهاتەی ڕیتمی باڕی یەکەم، بۆیە هەڵکەوتەی ئەو نۆتانە لەسەر بنەمای ترپەی بەهێز و ترپەی بێهێز وێنای هزریی و ئیدراکی بیستن لە نێو مەعریفەی موزیکیی ئەو گۆڕانکارییە کە گوێگر هەستی پێدەکات. لێرەدا گێشتاڵتی موزیکیی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە چەمکی 'هەموو' پێکهاتە و سروشتی بەشەکان دیاری دەکات، کە لەسەر بنەمای شوێن و ڕۆڵ و وەزیفەی هەر پارچەیەک لەنێو ئەم هەمووەدا بنیاد نراوە. بۆیە ئەم بابەتە پەیوەندی بە شێوازی کۆکردنەوە و پێکهێنانی بەشەکانەوە هەیە.

لەلایەکی تر دەتوانین لەکاتی هێشتنەوەی هەمان کوالێتی گێشتاڵتی پارچە موزیکێک، گۆڕانکاری لە توخمێک کە مەبەستمان بێ بکەین، وەک ئەوەی لە کاتی گواستنەوەی ئاوازی موزیکەکە لە تۆنالیتەیەک بۆ تۆنالیتەیەکی تر؛ چونکە لە هەموو توخمەکاندا، تەنها دەنگە دەستنیشانکراوەکان جیاوازن، بەڵام ئاوازەکە بەشێوەیەکی بەرچاو وەک یەکن و بە نەگۆڕی دەمێننەوە.

کارکردن لەسەر دۆزینەوەی بەستەرێکی گونجاو و تەبا لە نێوان کەلەپووری موزیکیی ڕۆژهەڵاتیی و ڕۆژئاوایی و دروستکردنی زمانێکی نوێ بۆ پرۆسەی کۆمپۆزیشن، کە تیایدا کەلەپووری موزیکیی لە میلۆدی میللی و فۆلکلۆرییەکان، ڕۆڵی هونەریی و کاریگەریان لە بنیادنانی پێکهاتەی میلۆدییەکانەوە هەیە. بۆیە دەبێ لێرەدا هەموو ئەو کەرەستە هونەرییە تەکنیکییە سەردەمیانە بخرێنە خزمەتی بابەتە ڕەسەنەکانەوە، بۆئەوەی بەتەنها میلۆدییەکان نەشێوێندرێن و نەکەونە بەر هەژموون و بەرداشی کۆڕدە دەنگییەکانی هارمۆنی و ئۆرکێسترەیشن، نەوەک لە سەرەنجامدا هێلی لۆژیک و پەیکەری میلۆدییەکان لە نێو فەزای تیمبەرەوە لەبار بچن. لە نێو موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا (سێ چارەگە دەنگ) هەستیارترین پرسە کە زۆرترین مشتومڕی دەربارە کراوە، ئەمەش لەنێو بژاردە و هونەرمەندانی ئەکادیمی و ڕەخنەگران و شارەزایانی بواری موزیک لە تەواوی ڕۆژهەڵاتدا بوەتە بابەتێکی گەرمی زانستی. هەرچەندە تاکو ئێستا جیاوازییەکی قووڵ لە نێو کار و بۆچوون و بەرهەمەکانی تەواوی دانەرانی موزیک ڕەنگدانەوەی هەبووە، بۆیە سەیر دەکەین کە بە چەندین شێواز و فرەفۆڕم کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە.

بەگشتی دەتوانین بەرهەمی هونەرمەندانی بواری موزیکی ڕۆژهەڵاتی بۆ بیر و ڕای سێ ڕەوتی جیا یان قوتابخانەی هونەریی پۆلێن بکەین؛ ڕەوتێکیان پێیان وایە دەبێت سێ چارەگە دەنگەکە لە نێو خودی میلۆدییەکەدا هەڵبگیرێ، هەروەها گۆڕینی مەقامەکە بۆ مەقامێکی نزیک لە خۆی کە بەدەر بێ لە دەنگی سێ چارەگە تۆن و بەر لە کرداری خستنەکارییدا ئەم پرۆسەیە بە ئامانج و ئەنجامی خۆی بگات. بۆ نموونە (گۆڕانکاریی لە مەقامی بەیات بۆ مەقامی کورد لەسەر هەمان پلەی دەنگیی خۆی). ڕەوتی دووەم پێیوایە بەرامبەر هەر دەنگێکی سێ چارەگە تۆن لە میلۆدییەکەدا دوو دەنگی تری سێ چارەگە تۆن کە تەواوکەری کۆردێکی

ڕۆژهەڵاتی لە خودی چنینە موزیکییەکە دابنرێت، بۆ نموونە (کۆڕدی: سی کار بیمۆڵ-رێ کار بیمۆڵ- فا کار دێز). سێیەم ڕەوت، پێیوایە بەرامبەر هەر دەنگێکی سێ چارەگە تۆن لە میلۆدییەکەدا، کۆردێک دابنرێت کە تیایدا چارەسەریی بۆ سێچارەگە دەنگەکەی تیا بێت. ئەم جۆرە کۆڕدە لە موزیکی میللی گەلان بە بەربڵاوی بەکاردێت، بە تایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا. "sus" کورتکراوەی ووشەی (suspended) واتە هەڵواسین، هەڵبەتە دوو جۆری بنچینەیی کۆرردی سوس هەن، ئەوانیش کۆڕدی سوس 4 و سوس 2 ، لە کۆردی سوس ٤ دا دەنگی چوارەمی تەواو جێگەی دەنگی سێیەمی کوردەکە دەگرێتەوە. هەروەها لە کۆردی سوس ٢ دا، دەنگی دووەمی پەیژەی سەرەکی جێگەی دەنگی کۆردەکە دەگرێتەوە. کەواتە هەردوو کۆردە تازەکە لەم گۆڕانکارییەدا دەنگی پێنجەمینی تەواو و دەنگی یەکەمی کۆڕدەکە بە جێگیریی دەمێنێتەوە و بە تەنها دەنگی سێیەمی کۆڕدەکە گۆڕانی بەسەردا دێت (Hutchinson, 2017: 65).




**شێوەی ٣-٢**

ئەمەم کۆڕدانەش لە کاتی خستنەکاریدا پێویستە تەنها بە چنینی هۆمۆفۆنی دابنرێت. بۆ نموونە لە مەقامی بەیات (کۆڕدی: دۆ-فا-سۆڵ) بەکاردێت، واتە دەنگی (می کار بیمۆڵ بۆ دەنگی فا) بەرزبکرێتەوە کە دەبێت بە کۆڕدی sus4، بەمەرجێک دەبێت دەنگە ڕۆژهەڵاتییەکە ببێت بە دەنگی دووەمی کۆڕدەکە. زۆربەی ڕەخنەگران و شرەزایانی بواری موزیک بۆچوونەکانی ڕەوتی یەکەم ڕەتدەکەنەوە و بە هۆکاری تێکدانی میلۆدییە ڕەسەنەکەی دەزانن. بۆ بۆچوونەکانی ڕەوتی دووەمیش ئەم پرۆسەیە بە ناکرداریی و ناپراکتیزەیی دایدەنێن. بۆ بۆچوونەکانی ڕەوتی سێیەمیش شارەزایان پێیان وایە کە ئەم پرۆسەیە وەک کۆردێکی نا تەبا و نەگونجاو لەگەڵ دانانی دەنگە میلۆدییە ڕۆژهەڵاتییەکەدا هاتووە (الماجري، ٢٠١٣: ٣٢٥).

بۆیە لێرەدا توێژەر دەگاتە ئەو ڕایە کە بنەماکانی گێشتاڵت وەک تاکە چارەسەرن بۆ یەکلاکردنەوەیەکی زانستیانە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە هونەرییە ئاڵۆزە، کە هونەرمەندان لە ئاوازدانەر و موزیسیانان زیاتر لە سەدەیەکە پێوەی سەرقاڵن. بۆیە هێشتنەوەی بابەت و پاراستنی میلۆدییە ڕەسەنەکە دەبێت لە پێشینەی کارەکانی دانەری موزیکەکە بێت، ئیجا دواتر بیر لە کارکردن لە بابەتە هونەرییەکانی تر بکاتەوە، بەتایبەت لە کاتی پرۆسەی خستنتەکاریی هونەرییدا. چونکە ئەو میلۆدییانە لە نێو هزری تاکی کۆمەڵگا جێگیرن و لە ڕێگەی ئیدراکەوە بوونەتە مەعریفەیەکی کلتووری چەسپاو و لە ویژدانی تەواوی خەڵکدا بە نەمری ماونەتەوە و ناکرێت بە ئاسانی گۆڕانکاری بەسەر دابێت و بەئاسانی دەستبەرداریان بین و دواتر وەک جەستەیەکی شێواو سەیر بکرێن. بابەتی نۆستالیجیا و هەستی گەڕانەوە بۆ باوەشی ساتەکانی ڕابردوو ڕێگە بە حاڵەتی خۆکردە و دەستکردی تاکەس نادەن، بۆیە ئەم بابەتە جەخت کردنەوەیە لەسەر پرەنسیپەکانی دەروونناسی گێشتاڵت کە تاکە دەرەچەن بۆ ئەم ڕەووشە هونەرییە. بۆیە گەر وێناکردنی شێوەی خۆر بە چوارگۆشەیی، یان شێوەی مانگ بە سێگۆشەیی نا لۆژیکیی بێ، ئەوە تێکدانی ئەو  میلۆدییانەی کە لە نێو ناخی یەکە بە یەکەی تاکی کۆمەڵگا چەسپاون، هەمان ئەو ڕەهەندەیان دەبێت.

جا بۆیە تاکە میکانیزم لە کاتی کارکردنی هونەریی لەسەر بابەتی کەلوپووری میللی و فۆلکلۆریدا، کارکردنە لەسەر ژینگە و دەوروبەر و باگراوەند و زەمینەی ئەو میلۆدییەی کە بڕیارە خستنەکاریی بۆ بکرێت، ئەمەشیان لە ڕێگەی یاوەریکردن و هاوشانییەکی زانستیانە دەبێ، کە سەلیقەیەکی هونەری و ئێستاتیکایەکی باڵای لە پشتەوە بێت، بۆ ئەوەی شاکارێکی هونەریی گەورەی لێوە بەرهەم بێت، کە گوزارشت لە فەلسەفەی بابەتەکە و ڕۆحی میلۆدییەکەوە بکات. بێگومان ئەمەشیان لە ڕێگەی چەسپاندنی بنەماکانی گێشتاڵت لەسەر هزر و فەلسەفەی کارکردنی هونەریی دەبێت.

**٥- ئەنجامەکان:**

١- گێشتاڵت گوزارشتی قووڵی لەناوەڕۆکەکەی لەڕووی پێکهاتە یان مامەڵەکردن لەگەڵ فۆرم و دابەشکردنی موزیکدا دەکات، هەروەک ئاوازدانەرە نەریتییەکان ناتوانن بەپێی توانا مامەڵە لەگەڵ هەستە سنووردارەکانیان بکەن، گەر پەرەی زیاتر بە تواناکانی خۆیان لەبەر ڕۆشنایی فکر و فەلسەفە و تیۆرە سەردەمیانەکان نەدەن.

٢- پرەنسیپەکانی گشتالت بە کۆی فۆرمی گێشتاڵتیش (The plural form of Gestalt)  ناو دەبرێت، بۆیە لێرەدا دەتوانین دەستکەوتی گەورە و بەرچاو بەدەست بهێنین، کە بە پێی فەلسەفە و فکری سەردەم بەرهەمە هونەرییەکان بۆ ئەم بابەتانە بەگشتی بە باڵاترین شێوە بەدەستەوە بدات.

٣- بنەماکانی گێشتاڵت لە ڕووە موزیکییەکەیەوە دەرخستن و خستنەکاریی شێوەی موزیکی لە شێوە و پێکهاتەکانی کە هەر لە سەرەتای دانانی پارچە موزیکەکانەوە دەبیندرێن. ئەم کارانە گەر بخرێنە بەر ڕۆشنایی شیکاری موزیکییەوە پتر ڕوون دەبنەوە و بنیادەکانی ئاشکرا دەبن، بە تایبەتی لە شێوازی خستنەکارییاندا.

٤- کاتێک 'هەموو' لە 'کۆی بەشەکانی' زیاتر بێت، کەواتە چەمکی 'هەموو' بە تەواوی لە کۆی بەشەکانیان جیاوازتریش دەبێ.

٦- چەمکی 'هەموو' هیچ کاتێ یەکسان نییە بە کۆی بەشەکانەوە، بۆیە پێش بەشەکانی خۆی دەکەوێت و بە شێوەیەکی تایبەتی دەستنیشانی دەکات، کە داخۆ بەشەکان و خەسڵەت و پەیوەندیە هاوبەشەکانیان چین.

٧- دانەرە موزیکییەکان توانیویانە بە ئیلهام وەرگرتن لە کەلەپوور و بە شێوەیەک کە ئامانجەکانی گێشتاڵت لە خستنەکاریی موزیکێکی تایبەتیی نەتەوەیی بووە و خزمەتی زۆریان بە کەلەپووری نەتەوەکەیان گەیاندووە.

٨- کۆی تیۆری گێشتاڵت لەمەدا کۆدەبێتەوە کە؛ تێکرای پێکهاتەدار، لە کۆی پێکهاتەی بەشەکاندا زیاترە، هەروەها لە بنچینەدا جیاوازە لە کۆی بەشەکانیدا.

٩- گەیشتن بە ئەزموونێکی سەقامگیر لەسەر بنەمای هەردوو شیکردنەوەی فۆرماتیک و لێکدانەوەی ڕەخنەیی دەگەیەنێ کاتێک ڕووبەڕووی بابەتە هونەرییەکان دەبێتەوە و دەبێتە هۆکاری دووبارە دروستبوونەوە و تێکەڵبوونی پێکهاتەی بەرهەمەکان و هاوبەشی بۆ بەرهەمێکی فراوانتر کە گێشتاڵت دەگرێتەوە.

١٠- کاراکتەری رەنگیی دەنگ و ئاکۆستیکی ئامێرەکانی ئۆرکێسترا و کۆنتراست و تێکەڵکردنی ئەم رەهەندانە هەمووی ڕۆڵی کارایان هەیە کە بە دیدی تیۆری گێشتاڵتەوە بەشدارن لە هەموو پرۆسێسەکانی زمانی کۆمپۆزیشن لە موزیکی نوێی جیهانیدا.

## ٦- پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

پێشنیار: دەبێت کار لەسەر پرۆسەی تەواوکاریی گێشتاڵتی موزیکی لە پاڵ بابەتەکانی تر بکرێت، لەوانە؛ ئەندازەی دەنگ و گرنگییدان بە شتە بینراوەکانی سەر شانۆ وەک: روناکی و دیکۆڕ و شێوەی دانیشتنی ئۆرکێسترا و یەکداپۆشی و ئەتەکیەتی موزیکی و ڕەفتاری مایسترۆ و ژەنیاران لەسەر شانۆدا، کە ئەمانە هەمووی ڕۆڵی کاریگەر دەبینن، چونکە ئیدراکی هزیی لای جەماوەرەکە بە هێزتر و کاراتر دەکات.

ڕاسپاردەی توێژەر بریتییە لەوەی کە بنەماکان و تیۆری گێشتاڵت بخرێنە نێو بابەتەکانی خوێندن لە بەشەکانی موزیک لە خوێندنی بەراییدا، بە تایبەتی لە بواری موزیکدانان و موزیکی وێنەییدا، چونکە هزر  و دیدێکی فراوانتر بە دانەری موزیک دەبەخشێت، کە ئەمەشیان ڕاستەوخۆ کار لە کۆاڵتی بەرهەمە هونەرییەکان دەکات.

## ٤- پەراوێزەکان:

١- بنەماکانی تیۆری گێشتاڵت: بریتین لە (شێوە-زەمینەی هونەریی- نزیکبوونەوە- پرۆسەی هاوبەش- لەیەکچوون- بەردەوامیی- هەروەها پرۆسەی داخستن. (Todorovic, 2008: 5)

٢- Wilhelm Wundt  پرۆفیسۆر و فیزیاناس و فەیلەسووفی بە نەژاد ئەڵمانی، کە ئەمڕۆ بە یەکێک لە کۆڵەگەکانی دەروونناسی هاوچەرخ دەناسرێ. توانی دەروونناسی وەک زانستێک لە فەلسەفە و زیندەوەرزانی جیا بکاتەوە. (Neil, 2010: 18)

٣- Edward Titchener  دەروونناسێکی ئینگلیزیە کە چەند ساڵێک لە ژێر ڕێنماییەکانی ویلهێلم ووندت خوێندوویەتی تێچێنەر زیاتر بە داهێنەری ئەو ڤێرژنە دەروونناسیەی کە وەسفی پێکهاتەی عەقڵ دەکات ناسراوە. (Johnson, 2000:75)

٤- Max Wertheimer  دەروونناسێکی بە نەژاد هەنگاری، کە یەکێک بوو لەو سێ دامەزرێنەرانەی دەروونناسیی گێشتاڵت، Kurt) Koffka و Wolfgang Köhler). ناوبراو  بە کتێبی 'بیرکردنەوەی بەرهەمدار' ناسراوە . ڤێرتهایمەر وەک دەروونناسێکی خاوەن ئەزموون لەسەر  دەستی کارل ستامپف لە زانکۆی بەرلین خوێندوویەتی. پاشان وێرتیمەر لە ساڵی 1904 لە زانکۆی وۆرزبێرگ دەستی بە وانە ووتنەوەی فێرکاری ڕۆشنبیری لە زانکۆی فرانکفۆرت کرد و دواتر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو فرانکفۆرتی بەجێهێشت بۆ کارکردن لە پەیمانگای دەروونی بەرلین، بەڵام لە ساڵی 1929 وەک پرۆفیسۆرێکی شارەزا گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی. (Wertheimer, 2014: 1)

٥- زاراوەی phi: دیاردەی فای بە جوڵەیەکی ئاشکرا کە تێبینی بەردەوامیی بۆ دەکرێت ناسراوە و ئەگەر دوو دیاردەی وروژێنەری بینراو نزیک یەکتر بە نۆرە هەڵبگیرسێن لەگەڵ فریکوێنسێکی تا ڕادەیەک بەرز نمایش بکرێن و بە پێچەوانەی جووڵەی بێتا لە فریکوێنسی نزمتر ببیندرێن ئەوا ئەو دوو دیاردە وروژێنەرانە لەکاتی جوڵاندنی بەردەوامیاندا دەرناکەون. (King, 1993: 356-358)

٦- ڤێدا Veda: کەمینەیەکن لە دانیشتوانی دانیشتوانی سریلانکا، کە لە نێو کۆمەڵگە لاوەکیەکانی وەک Coast Veddas و Anuradhapura Veddas و Bintenne Veddasناسراون. (Jayasuriya, 2000: 255)

٧- هەیکەلی ژمارەکان "Zahlgebilde": ڕێگای تێفکرینی ژمارەیی خودکرداری چەمکە چەندایەتییەکانە. (Bod, 2001:44)

٨- GMPA واتە شیکردنەوەی موزیک لەسەر بنەمای دەروونناسی گێشتاڵت، ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی کەلەپووری کلتووری دەوڵەمەندی موزیکی نەوەکان و کاریگەرییان لەسەر وەدیهێنانی موزیک لە ڕابردوو ئێستادا ئەنجام دراوە. (Utriainen, 2002: 45-56)

٩- گێشتاڵتی کۆکوو Kokuu's Gestalt: مەبەستی سەرەکی ئەم شێوازە شیکارییە، پێکهێنانی شێوازی شیکردنەوەی دەروونیی موزیکی گێشتاڵتە، هەروەها یەکەم جار بۆ شیکردنەوەی فلوتی شاکوهاچی ژاپۆنی پارچەی مۆسیقای کۆکوو بەکارهاتووە وەک شیکردنەوەی حالەتی دەرونی، شیکردنەوەکە تەرکیزکراوە بۆ سەرنجدان لە بنیاتی بازنەیی فۆرمەکە لە ڕەهەندەکانی گۆڕانکاریەکانی گرژی و وزەی میلۆدیدا. (Utriainen, 2002: 45-56)

١٠- ئالان مەریام Alan Merriam: لە نێوان (1ی تشرینی دووەمی 1923- 14ی ئازاری 1980) ژیاوە ئەتنۆمیوزیکۆلۆجیستێکی ئەمریکی بوو کە ناسرابوو بە خوێندنی موزیک لە ئەمریکای ڕەسەن و ئەفریقا. لەکتێبی ئەنترۆپۆلۆجی موزیکدا (1964) تیۆری و میتۆدێکی بۆ خوێندنی موزیک لەڕوانگە و میتۆدی ئەنترۆپۆلۆجییەوە دیاریکردووە و پەرەی پێ دەدات، هەرچەندە ئەو لە زانکۆی نۆرثوێست و زانکۆی ویسکۆنسین وانەی دەوتەوە، بەڵام بەشی زۆری پیشەی ئەکادیمی لە زانکۆی ئیندیانا بەسەردەبرد و لە ساڵی 1962 ناوی پرۆفیسۆری لێنراوە و پاشان سەرۆکی بەشی ئەنترۆپۆلۆجی لە نیوان ساڵانی 1966 بۆ 1969 بووە. (Nettl, B. 2017: 4)

**گێشتاڵت:** ووشەیەکی ئەڵمانییە بە واتای 'شێوە' یان 'فۆرم' دێت. پرەنسیپەکانی گشتاڵت ئامانجیان ئەوەیە کە ڕێکخستنێک دابڕێژن بەپێی ئەو بنەمایەش زەمینەڕێژکردنی هەستی مرۆڤ لە چوارچێوە و فۆرمێکی بەکتادا ڕێکبخرێت. بۆیە گێشتاڵت ئەو تیۆرە بوو کە وەک چرایەک سەدەی بیستەمی ڕووناککردەوە، بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا. تیۆری گێشتاڵت باس لە ڕۆڵی شێوە (شکل) لە بەرجەستەکرنی تێگەیشتن یان ئیدراکی هزری تاک دەکات. (Todorovic, 2008: 12) لە دەروونناسیشدا تیۆری گێشتاڵت یان تیۆری 'بینین' (الاستبصار) یەکێکە لە گرنگترین تیۆرەکانی فێربوون، چونکە سایکۆلۆجیای گێشتاڵت لەسەر ئەم بیردۆزە دامەزراوە. لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە ئەم تیۆرە وەک هەوڵێک بۆ خستنە پێشەوەی دیارترین و جێگیرترین ڕێگاکانی فێربوون دەرکەوتوە (مجدي، ٢٠٢٢: ئۆنلاین).

**شێوە:** هەر شاکارێکی موزیکی لە کۆمەڵێک پێکهاتەی بنیادنەر پێکدێت، کە زنجیرەیی پێکهاتەکانی لەخۆ دەگرێ، ئەم پێکهاتەیەی کە دروست دەبێ بە بنیاد و ستراکچەر یاخود فۆرم ناو دەبرێ و لێرەدا شانە کە پێکهاتەی بنەڕەتی فۆرمە، بچووکترین یەکەی شێوەی مانادارە لە شاکاری موزیکیدا. (Universalis, 2021, online)

**بنیاد:** هەموو ئەو تەکنیک و ئامرازانە کە بەشدارن لە دانانی کارێکی موزیکیدا، هەر لە نووسینی یەکەم نۆتەی کارەکە تا بەستۆکی کۆتایی، جگە لە میلۆدییەکانی نێو کارە موزیکییەکە، هەموو ئەم تەکنیک و ئامرازانە کەرەستەی پێویستن بۆ گەشەپێدان و جوانکرنی بابەتەکە و دانانی لە نێو فۆرمێکی شایستە بە ڕۆحی موزیکەکە. ( شەوان، ١٩٧٩: ١١٦)

**شیکردنەوەی موزیک:** شیکردنەوەی موزیک لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەدواوە سەری هەڵداوە، بەڵام وەک ڕێباز و شێوازێک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٧٥٠. شیکردنەوەی پارچەیەک موزیک بۆ شیکردنەوەیەکی تر جیاوازە، ئەو جیاوازییەش بە پێی ئامانجی شیکردنەوەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. شیکردنەوەی موزیک وەک ئامرازێکی زانستی لە توێژینەوەکانی زانستی لە بواری موزیکدا بەکار دێت. (Bauer, 2004: 121-152)

## لیستی سەچاوەکان:


### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

1. الشوان، عزيز، (١٩٧٩)، الموسيقى للجميع، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
2. الماجري، محمد.(٢٠١٣) "التاليف الموسيقي العربي البوليفوني في القرن العشرين" مجلة عالم الفكر، مجلة دورية محكمة تصدر عن المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب- الكويت، عدد ٤٢: ٣٢٥-٣٧٠.
3. مجدي، أحمد، 'نظرية-الجشطالت-في-علم-النفس'، صفحة الكترونية: (مكتبتك)، اونلاين. https://www.maktabtk.com/blog/post/117

### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

1. Bauer, Amy. 2004. "'Tone-Color, Movement, Changing Harmonic Planes': Cognition, Constraints, and Conceptual Blends in Modernist Music", in The Pleasure of Modernist Music: Listening, Meaning, Intention, Ideology, edited by Arved Ashby, 121–152. Eastman Studies in Music 29. Rochester: University of Rochester Press; Woodbridge: Boydell and Brewer, Ltd. ISBN 1-58046-143-3.

2. Bod, Rens. (2001). "Stochastic models of melodic analysis: Challenging the gestalt principles.".
3. Gemici, Nurettin, ed.(2012) *Evliy? Çeleb? in Medina: The Relevant Sections of the Sey? hatn? me*. Vol. 6. Brill.
4. Hutchinson, R. (2017). Music Theory for the 21st-Century Classroom. Online https://musictheory.pugetsound.edu/mt21c/SimpleSusChords.html. 6,5
5. Jayasuriya, S. de Silva (2000). The Portuguese Cultural Imprint on Sri Lanka. Lusotopie 2000. p. 255
6. Johnson, Deborah (February 2000). Washburn, Margaret Floy (1871-1939), psychologist. American National Biography Online. Oxford University Press. doi:10.1093/anb/9780198606697.article.1400675.
7. Karma, K. (1986). Item difficulty values in measuring components of musical aptitude. *Bulletin of the Council for Research in Music Education*, 18-31.
8. King, B. D., Viney, W., Douglas Woody, W. (1993). A history of psychology (4): 356-358
9. Merriam, A. P., Mesec, P., & Pettan, S. H. (2000). *Antropologija glasbe*. Znanstveno in publicistično središče.
10. Neil Carlson, Donald C. Heth: Psychology the Science of Behaviour. Pearson Education Inc. 2010. ISBN 0-205-54786-9. p. 18.
11. Neuman, Susan B., et al.(2014). "Can babies learn to read? A randomized trial of baby media." *Journal of Educational Psychology* 106.3: 815.
12. Omar, A. (2008). "Dictionary of Contemporary Arabic Language." *Cairo: Alim Al-Kutub* .
13. Todorovic, D. (2008). Gestalt principles. *Scholarpedia*, *3*(12), 5345
14. Utriainen, J. A. A. N. A. (2002). The Gestalt psychological music analysis theory and method, applied in a case analysis of Japanese Shakuhachi flute music. In *10th Anniversary Conference A Gestalt Psychological Music Analysis Theory and Method, ESCOM, Liege*.Nettl, B. (2017). Have You Changed Your Mind? Reflections on Sixty Years in Ethnomusicology. *Acta Musicologica*, *89*(1), 45-65.

**Gestalt theory on principles of musical construction and analysis**

**Surwd Fouad Mohammed**
Music Department, Fine Arts college, Salahaddin University-Erbil
Surwd.mohammed@su.edu.krd

**Nasser Hashim Badan**
Music Department, Fine Arts college, Basrah University
Nasserbadan60@G.mail.com

**Dlawer Mustafa Mohammed**
Music Department, Fine Arts college, Salahaddin University-Erbil
dlawer.muhammad@su.edu.krd

**Abstract**

This research uses Qualitative method in the perspective of music's theory of Gestalt. It also includes borders, research forms, and building in modern music. The Musical forms have come from continuous attempts to experience and apply different musical teas. This has become an artistic method that the composer obtained the ideas of melodies, contrasts and harmonies in the music context. These forms absolutely, have special principles and methods that determine the composers' duty to these forms and musical structures and then abide by musical performance. The process of building in any literal and artistic form in general expresses civilized and artistic experiences of the ongoing experiences of artistic and general intellectual performance of the process. Musical construction is not different from any other art, but rather in the harmony and balance between the subjects that the artist uses. That's why these melodies are exactly the same as musical theories. This gives the composer some kind of freedom. To be absolutely touched in frozen behests and to perform music decisively.

**Key words**: Gestalt, form, construction, musical analysis.

**نظرية جشطالت في مباديء البناء والتحليل الموسيقي**

**م. سرود فؤاد محمد**
جامعة صلاح الدين/ كلية الفنون الجميلة- قسم الموسيقى
Surwd.mohammed@su.edu.krd

**پ.د. ناصر هاشم بدن**
جامعة البصرة / كلية الفنون الجميلة- قسم الموسيقى
Nasserbadan60@G.mail.com

**پ.ی.د. دلاوەر مصطفى محمد**
جامعة صلاح الدين/ كلية الفنون الجميلة- قسم الموسيقى
dlawer.muhammad@su.edu.krd

**ملخص**

تم إجراء هذا البحث من منظور نظرية جشطالت الموسيقية. ويشمل البحث حدود وأشكال والبناء الفني في الموسيقى الحديثة. جاءت أشكال الموسيقى من الجهود المستمرة للتجارب وممارسة الموسيقي ذات البرامج المختلفة، وأصبحت فيما بعد طريقة فنية يكون فيها لمبدعي الموسيقى أفكار تناسقية والحان تناغمية ذات أبعاد فلسفية إبداعية ، يتم تضمينه في السياق الموسيقي ، والذي بالطبع ، تتكون من مبادئ محددة تحدد واجبات المؤلف للأشكال والهياكل الموسيقية ، ثم تلتزم بالأداء الموسيقي. إن عملية البناء بأي شكل أدبي وفني بشكل عام هي تعبير حضاري وفني عن التجارب الجارية والمستمرة للأداء الفني والفكري العام للعملية الفنية، وبالطبع لا تختلف الأصولية الموسيقية عنها، عن أي فن آخر، بل لها خصوصيتها في الانسجام والتوازن بين الموضوع الذي يستخدمه الفنان، وبين ما هو مطلوب في نظرية الشكل الموسيقي لذلك، فإن هذه الألحان هي نفسها تماما مثل النظريات الموسيقية التي تمنح المؤلف نوعا من الحرية، والتي تتحقق تماما في الشكل والبناء الموسيقي وتؤدي الى خلق فضاء مطلق للتعبير الموسيقي بشكل حاسم.

**كليمات مفتاحية**: الجشطالت، الشكل، البناء، التحليل الموسيقى.